ترەمپ: پێویستە لەسەر تاران و تەلئەبیب دەستبەجێ بگەنە ڕێکەوتن

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی هێرشی ئیسرائیل و ئێران رایگەیاند، پێویستە لەسەر تاران و تەلئەبیب دەستبەجێ بگەنە ڕێکەوتن، بۆئەو مەبەستەش هەنگاوی پێویست دەگرمەبەر.

دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند، "پێویستە لەسەر ئێران و ئیسرائیل بگەنە ڕێککەوتنێک، وەک چۆن کۆتاییم بەشەڕی هیندستان و پاکستان هێنا و هەردولام گەیاندە ڕێکەوتن، بەهەمانشێوە ڕێککەوتنێک لەنێوان ئێران و ئیسرائیلدا ئەنجامدەدەم".

ئەوەشیخستەڕوو، "لە ئێستادا پەیوەندی و کۆبوونەوەی زۆر لە ئارادایە سەبارەت بە قەیرانی نێوان ئێران و ئیسرائیل بۆئەوەی کۆتایی بەشەڕی نێوانیان بهێنن".

باسی لەوەشکرد، "بەمزوانە لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا ئاشتی بەرقەرار دەبێت، ژمارەیەکی زۆر دیدار و پەیوەندی لە ئارادایە".